# دووباره تەحقیق کردنەوە لەسەر کەیسی هەڵەبجە بوعدێکی سیاسی بەعسی گەرانەی هەیە

## بێستون حەسەن

تێپەڕ بوونی زیاتر لە بیست ساڵ لە نەهامەتی و کەڵەکەبوونی خەم و ئازارە نەبڕاوەکانی خەڵکی هەڵەبجە و پاشماوەی دانیشتوانەکەی بەس نیە بۆ ئەوەی هەموو دونیا لەوە بەخەبەر بێت کە شارێك هەیە و پڕاو پڕ ماناکانی ئینسانیەتی لەخۆدا بەرجەستە کردووە و غەرقی کۆڵێك ناعەدالەتی بەها ئەخلاقییەکانی مرۆڤایەتی بووەتەوە و کەم کەس هەیە ڕاستییەکانی ئەم شارە بریندارە نەزانێ و نەچووبێتە ناو قوڵایی چیرۆکەکانیەوە. ئەوەتا سەرانی بەعسی ڕووخاوو پاشماوەی ڕژێمە لەناوچووەکەی سەدام بە بەرگێکی تر و بەجۆرێك لەجۆرەکان جێ دەستیان دیارە لە ئاژاوە نانەوە و پەکخستنی دۆزی ڕەوای کورد و لەناو هەموشیاندا دۆسێی شەهید کردنی شاری هەڵەبجە و دواخستن و داواکردن بۆ دووبارە پیاچوونەوەی هەموو ئەو دیکۆمێنت و شایەتیانەی کە هەیە لەسەر کیمیا باران کردنی هەڵەبجە لەلایەن سەرانی ڕژێمی بەعسەوە . ئێمە وەك هەڵەبجەییەك و کەس و کاری سیانزە شەهیدی یەك بنەماڵە بەتوندی هەموو ئەو هەوڵ و کارانە مەحکوم و ڕیسوا دەکەین کە بۆ وەلاوەنانی کەیسی هەڵەبجەو ئەو هەموو قوربانیە دەدرێ کە میللەتی کوردی بە سەرانسەری دەوڵەتانی دونیا ناساند و مەسەلەی خۆناساندن و هەبوونی کیانی نەتەوەیی بەرانبەر هەموو نەتەوەکانی تری دونیای هێنایە ئاقارێك کە تەواوی مافی مرۆڤی نێو دەوڵەتی لە هەموو کارەسات و گۆڕانکارییە نەوعییەکانی ئەمرۆ ئاگاداربێت و وا بکات لەو ڕێیەوە مەسەلەی بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال و کیما باران کردنیش بخرێتە نێوەندی باس و لێکۆڵینەوە و تەنانەت لەزۆر ڕووەوە کاریش کرا بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو مەسەلەیە .

بۆیە هەموو هەوڵێکی وەك ئەم هەوڵەی کە دەدرێت بۆ دواخستن و پەراوێز خستنی مەسەلەیەکی گەورەی پڕبایەخی وەك کەیسی هەڵەبجە ، بەتوندی بەڕوویدا دەوەستینەوە و هەموو لایەنە پەیوەند دارەکانیش ئاگادار دەکەینەوە کە ڕازیبوون و بێدەنگ بوون لەمەڕ جۆرە کردارێکی وەك ئەمەی ئێستە لاواز کردن و پەك خستنی هەنگاوەکانی سیاسەتی کوردە بەرانبەر هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەلایەکی تریشەوە بە فیڕۆدانی خوێنی هەموو ئەو شەهیدانەیە کە سالآنێکە بۆ ئازادی و ڕزگاری میللەتی کورد داویانە.

تەحقیق کردنەوە لەسەر کەیسی هەڵەبجە ئەوەندەی بوعدێکی سیاسی لە پشتە بەو هێندەیە دەلالەت نیە لە پاکی و پیرۆزگرتنی دادوەرانەی نێو حەرەمی بینای مەحکەمە . لەبەر ئەوە هیچ پاساوێك نیە بۆ دەرخستەی ئەم مەسەلەیە و هەموو لایەك لەو دیوەی تری ئەم بارودۆخە ئاگادارن کە بەهەر شێوەیەك بێت و هەموو کات نەیارانی کورد و خەڵکی ستەم لێکراوی هەڵەبجە ویستویانە ئەو دادگایی کردنەی کە پەیوەستە بە کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە دوا بخرێت و ناوە ناوە و بەهەرهۆیەك بووبێت لە دەمێکەوە خستوویانەتە دەمێکی تر و تا کار گەیشتە ئەوەی سەرلەنوێ بچنەوە بە هەموو مەلەفەکانی تایبەت بە کەیسی هەڵەبجەدا.

بۆیه دوا خاڵی سوور و دوا پەیام ئاڕاستەی لایەنی پەیوەند دار و حکومەتی ناوەندی بەغداد ئەکەینەوە کە ئەگەر ئەم تەحقیق کردنە نایاساییەی کە بڕیاری لێدراوە ، بەهەر جۆرێك لەجۆرەکان بخرێتە بابی بەتاڵبوونەوە و قبوڵ نەکردنی ، ئەوا ئێمە دەیان و سەدان ڕێگە هەیە بیگرینە بەر تا ڕێ لەو کارانە بگرین و چیتر ڕێنەدەین ناهەقی و نا عەدالەتی بەرانبەر دانیشتوانی هەڵەبجە و کەیسی هەڵەبجە بکرێت .

دەکرا دەسەڵاتی سیاسی کوردیش بەتوندی بەرپرچی ئەو جۆرە بڕیارەیان بدایەتەوە کە دڵنیان ئاکامەکەی لە دژی میللەتی کورد و خەڵکی ستەم لێکراوی هەڵەبجە تەواو دەبێت ، هەق وایە قەڵەم بەدەستان و نوسەرانی خەمخۆر بە دۆزی سیاسی کورد و ناوچەکە چیتر مرەکەبی بێدەنگی بڕژن و تەواوی میدیاکانی دونیای لێ ئاگاداربکەنەوە بۆ ئەوەی مەسەلەیەکی گەورەی وەك هەڵەبجە نەخرێتە ئەودیو دەرگا داخراوەکانی مێژووەوە و قۆناغێکی نوێ و حوکمێکی عادیلانەی سەراپا گیر هەموو کون و قوژبنێکی ئەم جیهانە بگرێتەوە و ناعادیلانی هەر بڕیارێکیش بە سزای یاسایی گەل و وڵات بگەیەنرێت .

Bestoon1617@yahoo.com